
ئەنجومەنی وەزیران بە ئابووری تاوتوێی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت و فراوانترکردنی داهات دەکات



محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، ئەمڕۆ دووشەممە ڕێنمایيدا بە هەڵسەنگاندنی کاریگەریيە دارایيەکانی ڕووشوێنە چاکسازییەکان بۆ ئامانجی عەقڵانیکردنی خەرجییەکان و فراوانترکردنی داهات.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەتووە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە، سەرۆکایەتە کەبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئابووری دەکات.

وتیشی لە کەبوونەوەکەدا باس لە ڕەکارەکانی وەزارەت و دامودەزگا حکومییەکان کرا کە پەیوەندییان بە دەرئەنجامەکانی کەبوونەوەی پێشووەوە هەیە بۆ ئامانجی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت و زیادکردنی داهات.

ڕوونیشیکردەوە سودانی لاینە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەریيە دارایيەکانی جێبەجێکردنی ڕووشوێنەکانی چاکسازییەکان بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان، هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانیان و جێختی لە گرنگی جێبەجێکردنی چاکسازییە دارایی و پێکهاتەییەکان کردەوە بۆ

ڕێکخستنەوەی ئەولەویەتەکانی خەرجییە گشتییەکان.

سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بە گرنگی بەردەوامبوون لە هەنگاوەکانی چاکسازی کرد کە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کار زیاتر لە کەرتی تایبەت و کردنەوەی دەرگا بەڕووی وەبەرهێنانی نوێ لە کەرتە جیاجیاکان بە زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر بودجەی گشتی.